دەستپێکردنی پرۆژەی ئۆتۆماتیکیکردنی مامەڵەی فرۆشتن و گواستنەوەی موڵک لە وەزارەتی داد

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پرۆژەی بەدیجیتاڵکردنی مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی خاوەندارێتی لە فەرمانگەی گشتیی تۆماری خانوبەرەی سەر بە وەزارەتی داد ڕاگەیاند؛ هاوکات ڕەنمایی دا بە کارکردن بە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان لەگەڵ مسۆگەرکردنی تەواوکردنی مامەڵەکان و پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی زانیارییەکان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەع کەوتووە، ڕایگەیاند: محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیران، لە ڕەگەی بازنەیەکی تەلەفزیۆنییەوە، پرۆژەی بەدیجیتاڵکردنی مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی خاوەندارێتی لە فەرمانگەی گشتیی تۆماری خانوبەرە و لقەکانی سەر بە وەزارەتی داد ڕاگەیاند.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سەرۆکوەزیران پیرۆزبایی لە هەموو کارمەندانی ئەم پرۆژە گرنگە کرد کە لەگەڵ ئاراستەی حکومەت بە چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و شەفافیەت لە مامەڵەکاندا دەگونجێت، بەتایبەت ئەوانەی پێیوەندییان بە مافی هاووڵاتییانەوە هەیە، جەختیشی کردەوە کە فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە

یەکەکە لەو فەرمانگانەی دەوڵەت کە زەرترین سەردانیکردنی هاووڵاتییانی هەیە بەهۆی پەیوەندی کارەکانی بە مافی خاوەندارێتی و گواستنەوەی.

ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بە کەمکردنەوەی ڕێتین و سنووردانان بە دواکەوتنی تەواوکردنی مامەڵەکان ، ئەمە هەنگاوێکی ڕاستە لە ئاراستەی چاکسازیی کارگێڕی و گێڕانکاری لە سیستمی کاغەزییەوە بە سیستمی ئەلیکترۆنی کە حکومەت لە چەندین جومگەدا کاری لەسەر کردووە بە بەدیهێنانی گێڕانکاریی دیجیتاڵی و هاوتەریبوون لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای جیهان.

سەرکۆزیران جەختی کردەوە کە سیستمی ناو ئەم پرۆژەیە پێویستی بە وردبینی زیاتر و نوێکردنەوەی بەردەوام هەیە تاوەکو دەنیابین لەوەی جێبەجێکردنەکەی بە شێوەیەکی دروست دەبێت، و پێویستە کارمەندانی ئەم سیستمە خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی پێویست بن.

سودانی ڕەنمایی دا بە کارکردن بە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتییان لەگەڵ مسۆگەرکردنی تەواوکردنی مامەڵەکان و پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی زانیارییەکان بە باشترین شێوە بە پاراستنی موڵک و ماڵی هاووڵاتییان،جەختیشی لەسەر گرنگیی پەسەی بەستنەوە بە فەرمانگە پێیوەندیدارەکانی ترەوە کردەوە، کە تێیدا ڕەنمایی دەدرێتە وەزارەتەکانی ناوخە و دارایی بە خێراکردنی تەواوکردنی ڕەکارەکانی بەستنەوەی ئەلیکترۆنی بە مەبەستی تەواوکردنی پەسەکانی وردبینی و جێبەجێکردنی مامەڵەکان.